


# ڕۆڵی سروود لە خەبات و شۆڕشی گەلاندا

کامەران عەبدولڕەحمان



* ئەگەر ئاوڕێک لە خەبات و تێکۆشانی گەلانی دنیا بدەینەوە، ئەوە دەبینین بۆ بەدیهاتنی سەربەخۆیی و ئازادی گەل و میللەتەکەیان، دەیان داستانی پڕ سەروەری تێدا بەدی دەکەین کە هەموو ئەم گەل و میللەتانەی دنیا لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و داکۆکی کردن لە خاک و شکۆمەندی گەلەکەیان، هونەرمەندانیان بۆ زیاتر جۆشدان و خرۆشانی گیانی شۆڕشگێڕانە پەنایان بۆ وتنی هونەری شۆڕشگێڕی بردووە کە پێی دەوترێت (سروود)، بە چڕینی سروود توانیویانە ورەی جەنگاوەرەکانیان بەرزبکەنەوە.

* مێژووی سەرهەڵدانی سروود بۆ کەسێکی هۆڵەندی دەگەڕێتەوە کە خۆی بە ئامادەکردنی سروودێک خەریک کرد و بە پێنج سەد کەس وترا، دەنگدانەوەیەکی باشی لە سەرانسەری جیهان هەبوو، ئیتر ئەم جۆرە هونەرە بە هەموو دنیادا پەرتوبلاو بووەوە. لە شۆڕشی فەڕەنسادا یەکەم سروود بەناوی (مارسیلیس) بوو کە (ڕۆجیۆ دولێل) ساڵی ١٧٨٩ دایناوە، دوا بەدوای ئەم سرووده ئیتر ئەم جۆرە هونەرە شۆڕشگێڕییە پەرەی سەند و شاعیران و نووسەران لە سەرانسەری جیهاندا گرنگی و بایەخی زۆریان پێ دا، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی بەهۆی شەڕ و داگیرکردنی خاکەکەی لەلایەن دوژمنانەوە، هانایان بردووەتە بەر وتنی سروود، یەکەم کەس لەناو کورددا (زێوەر)ی شاعیر بووە کە لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوو لەشاری سلێمانی سروودی بۆ قوتابیان داناوە، ئیتر وردە وردە شاعیرانی کورد بایەخیان بە شیعری سروودی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی دەدا و تا ئێستاش وتنی سروود لەنێو کورددا بەردەوامە، هونەرمەندان خاوەنی دەیان و سەدان سروودن بۆ گەل و میللەتەکەمان، بۆیە دەتوانین بڵێین سروود هونەرێکی زۆر باڵایە و دەیان شاکاری سروود هەن کە بە مۆسیقای ئۆرکێسترایی جیهانی ئامادەکاری بۆ کراوە و بەناوبانگن.

* لە نێو کوردیشدا چەندان سروودی ئۆرکێسترایی‌مان هەیە کە ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە و کاریگەرییان بەسەر هزر و بیرماندا هەبووە، سروودمان هەیە لەکاتی شەڕ و خۆڕاگری بە گەروویەکی پڕ لە هەست و سۆزەوە وتراوە، بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سروود چڕین ئەوەیە کە بە گڕ و بین و تینێکەوە دەوترێت، بە گوتنێکی باش و نەفەسێکی درێژ، بۆ ئەوەی پەیامێکی شۆڕشگێڕی بە گوێی بیسەردا بدا و وا لە گوێگر بکات هەستی ببزوێ، خۆ ئەگەر پێشمەرگە لە سەنگەردا بوو، ئەوە کاتی ئەوەیە ساز و ئامادە و بە خرۆشتر بێت بۆ خەڵکی و بەرزکردنەوەی ورەی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، ئەگەر لە کاتی هێرش بردن بێت، یان داکۆکیکردن، تا هەست بە ورە بەرزی بکات و چۆک دانەدا و هەمیشە پۆڵا ئاسا ورەی بەرز بێت و پتەو بێت. ئەمڕۆ ئەم جۆرە هونەرە لە ناو میللەتی ئێمەدا بووەتە دیاردەیەک و زۆربەی هونەرمەندان سروودیان چڕیوە کە پڕیەتی لە هەستی نیشتیمانپەروەرێتی و نەتەوەیی، بۆیە دەبینین لە کاتی شەڕدا هونەرمەندانی کورد خاوەنی دەیان سروودن هەر یەکێک لە م سروودانە چیرۆکی نەبەردی پێشمەرگە دەگێڕێتەوە کە پڕیەتی لە داستانی قارەمانیەتی و شەهید بوون لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەل و میللەتێک کە سەدەیەکە داکۆکی لە مافی خۆی دەکات، کەچی هێشتا پێی ڕەوا نابینرێت، بۆیە بەردەوامە تا هەموو ئومێد و ئامانجەکانی بێنە دی.